گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper3
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٣/٠٣/١٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٥/١٧
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# پەیوەندی جیاوازی جێندەری بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

## توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**هژار لطیف صابر[١] - عبدالحمید علي سعید برزنجی[٢]**
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd hazhar.saber@su.edu.krd
[٢+١] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە کە دەکەوێتە نێوان جیاوازی جێندەری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە هەریەک تیۆرەکانی (بایۆلۆجی، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، جیاوازی جێندەری و بەهێزکردنی تواناکردنی ئافرەتان) و هۆکارەکانی بونیادنانی جیاوازی جێندەری بۆ شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە بە بەکارهێانی میتۆدی وەسفی شیکاری.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە ئەمانەن: جیاوازیەکی جێندەری گەورە هەیە لە کۆمەڵگەی کوردی لە باشوری کوردستان لە پێدانی ڕۆڵەکان. دەرکەوت کەوا جیاوازییە جێندەرییەکان لەسەر بنەمای کولتور، دەسەڵاتی سیاسی، پەروەردەو خێزانی بون کە ئەمانەش دەزگای گرنگی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتین. هەروەها پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی پێچەوانە لە نێوان جیاوازی جێندەری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، هەرچەندە جیاوازییەکان گەورەبن گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بچوک دەبێتەوە.

**کلیلە وشەکان:** جێندەر، یەکسانی جێندەری، جیاوازی جێندەری، گەشەپێدان، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

## پێشەکی:

پرسی جێندەر و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە گرنگترین ئەو پرسانەن کەوا لە زۆربەی ئەو کۆڕبەندانەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵانە بۆ پرسەکانی گەشەپێدان و دانیشتوان ئەنجامی دەدات گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەوپێیەی کەوا هێشتا لە بەشێکی زۆر لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان کە لە قۆناغی ڕاگوزەردان بەرەو پێشکەوتنی زیاتر جیاوازی جێندەری لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا بەدیدەکرێت لە دەرفەت پێدان بۆ دەرخستنی

تواناکان و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگە. لەلایەکی دیکەوە جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاو دەکرێت لە پێدانی بەرپرسیارێتیە کارگێڕی و پەروەردەیی و سیاسییەکان.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوە، لە بەشی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر خستنەڕوی ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە دو باسدا، باسی یەکەم گرفت و گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و باسی دوەم تایبەتە بە پێناسەکردنی چەمکەکان. لە بەشی دوەمدا تیۆرەکانی پەیوەست بە جیاوازی جێندەری پێشو خراونەتەڕو، بەشی سێیەم تایبەتە بە خستنەڕوی هۆکارەکانی جیاوازی جێندەری و جیاوازی جێندەری لە هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## بەشی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەو دیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

#### 1- گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی توێژینەوە پرسیارێک یاخود چەند پرسیارێکی ناڕونە کە بیرو هزری توێژەر سەرقاڵ دەکەن دەربارەی ئەو بابەتەی کە هەڵیبژاردوە بۆ ناونیشانی توێژینەوەکەی. واتە پرسیارگەلێکن کەوا پێویستیان بە ڕاڤەو وەڵامی ڕون هەیە (الدليمي&صالح، 2014: 43).

توێژینەوە لەم بابەتە بریتییە لە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی وەڵامێکی زانستیانەو ڕون بۆ ئەو هۆکارانەی کە دەبنە بنەمای دروستبونی جیاوازی جێندەری. لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە لە سەرەوە خرایەڕو بۆ دەستنیشاکردن و ڕونکردنەوەی زیاتری گرفتی توێژینەوەکە. گرنگترین پرسیارەکانی گرفتی توێژینەوەکە کە توێژەر بە دوای وەڵامیاندا دەگەڕێت بریتین لەمانەی خوارەوە:

1_ دامەزراوەکانی پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چ ڕۆڵ و کاریگەریەکیان هەیە لە بەرهەمهێنانی جیاوازی جێندەری؟

2_ پەیوەندی نێوان جیاوازی جێندەری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چییە؟

#### 2- گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کەوا یەکێک لە پرسە گرنگەکانی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردی لە باشوری کوردستاندا دەخاتە بەر توێژینەوە کە ئەویش بریتییە لە پرسی جیاوازی جێندەری و پەیوەندی بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بڕێکی باش لە زانیاری و مەعریفە دەربارەی هۆکارەکانی دروستبونی جیاوازی جێندەری و ئەو لێکەوتانەی کە لە دەرئەنجامی جیاوازی جێندەری لە سەر تاک و دواتریش لەسەر کۆمەڵگە دەردەکەون، و پەیوەندیان بە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها لە

ئەنجامی بەکارهێنانی تیۆر و گەڕان و پشکنینی سەرچاوەکانەوە، بڕێکی زۆر لە زانیاری تیۆری لەسەر بابەتەکە کۆدەکاتەوە. لەبەرئەوە بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفە، سەبارەت بەم بابەتە گرنگییەکی تایبەت بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان فەراهەم دەکات، بەتایبەت بۆ زانستی کۆمەڵناسی.

هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی شیکاری پشتبەست بە سەرچاوەی زانستی هەڵدەستێ بە ڕونکردنەوەی چەمکی جێندەر، پەیوەندی جیاوازی جێندەری بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

## 3- ئامانجی توێژینەوەکە:

1– دەرخستنی ڕۆڵی کولتور لە دروستکردنی جیاوازی جێندەری لە کۆمەڵگەدا.

2– نیشاندانی ڕۆڵی دامەزراوەکانی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر دروستکردنی جیاوازی جێندەری.

3– دەرخستنی پەیوەندی نێوان جیاوازی جێندەری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

## باسی دووەم: دیاریکردن و ڕاڤەکردنی چەمکەکان

### یەکەم: جێندەر (الجندر- النوع الاجتماعي – Gender)

وەکو بەکارهێنان بۆ یەکەمجار چەمکی جێندەر لەلایەن (ئان ئۆکلی Ann Oakley)یەوە لەساڵی (1972) بەکارهاتوە بۆ خستنەڕوی جیاوازی لە نێوان هەردو زاراوەی "ڕەگەز Sex" و زاراوەی "جێندەر Gender" "ڕەگەز Sex" بە مانای ئەو جیاوازیە بایۆلۆژیانە دێت کە بە سروشت هەردو ڕەگەزی نێر و مێ بەبێ ویست و ڕۆڵبینینی خۆیان لەگەڵیان لەدایکدەبێت. بەڵام جێندەر Gender پێناسەکردنی کەسێکە بۆ خودی خۆی بەپێی هەستە ناوەکییەکانی یان پێگەو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، واتە ئایا کۆمەڵگە چۆن پێناسەی ڕەگەز دەکات و چۆن ڕەفتارو کاری هەر یەکەیان دیاری دەکات، کۆمەڵگە تا چەند ڕێزو دەسەڵاتی بە هەر ڕەگەزێک داوە؟ ئایا توانا و ئازادی و بەهرە و پسپۆڕی هەر ڕەگەزێک تا چ ئەندازەیەک لە کۆمەڵگە دیاری کراوە؟ (ئەکرەم، 2019: 26). چەمکی جێندەر بە یەکێک لە چەمکە نوێیەکانی جیهان دادەنرێت، هەر بۆیە پێویستی بە کارو هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ جێگیرکردنی لە کاتی وەگرتنی وەک ئامرازێکی پەروەردەیی کاریگەر، هەر بۆیە کاتێک چەمکی جێندەر لەگەڵ چەمکی گەشەپێدان لێکدەدرێت و پێکەوەدێن ئەوە لێرەدا چەمکی جێندەر ئاماژە بە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی ئافرەتان و پیاوان دەکات کە لە خێزان و کۆمەڵگەو کولتورەوە سەرچاوە دەگرن و ئەم ڕۆڵانەش لە ڕێگەی فێربونەوە بەدەستدەهێنرێن. هەروەها ئەم ڕۆڵانە بەپێی کات و لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی دیکەو تەنانەت لەناو خودی یەک کولتوریشدا جیاوازن، هەندێ جار سیستەمەکانی جیاکاری کۆمەڵایەتی (جێندەر)ی ئامادەکراون وەکو پێگەی سیاسی، ئینتیمای چینایەتی و ئیتنیکی ڕۆڵی هەر ڕەگەزێکن، هەر بۆیە چەمکی جێندەر بە چەمکێکی زیندو

هەژماردەکرێت لەبەرئەوەی لە ڕێگەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی شێوازی پشت بەستن بە ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا دەردەخات، هەروەها ئەم پشتبەستنەش بەردەوام لەبەردەم حاڵەتی گۆڕان و هەڵوەشانەوەدایەو بۆ هەتا هەتایە جێگیر نییە (بن النوي، 2020: 27). جێندەر وشەیەکی لاتینیە لە بنەڕەتدا لە وشەی (Genus) وەرگیراوەو زیاتر لە مانایەک دەگەیەنێت کە بریتین لە (جۆر، شێوە، بنەڕەت، ڕەگەز..)، بەڵام ئەم چەمکە لە کۆمەڵناسیدا بە شێوەیەکی دیاریکراو بریتییە لەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانەی کە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ لە کۆمەڵگەدا بەرجەستەی دەکەن (الرحبي، 2014: 78). جێندەر بە مانای (جۆری کۆمەڵایەتی) دێت و بەرهەمی بیرکردنەوەی تاک، کۆمەڵگەو گروپە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەیە. دەکرێت بڵێین دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییە و گوزارشت و نوێنەرایەتی لێکدانەوەو تێگەیشتنەکانی نێوان (ئافرەت و پیاو) دەکات لە ڕوی (ماف، ئەرک و ڕۆڵ)ەوە لە کۆمەڵگەدا (ئەنوەر، 2021: 12).

## دوەم: یەکسانی جێندەری (المساواة الجندرية - Gender Equality)

یەکسانی جێندەری بریتییە لە بون و ڕەخساندنی دەرفەت و هەلومەرجی یەکسان بۆ هەر یەکە لە ئافرەتان پیاوان بۆ جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی مافە مرۆییەکانیان، بەشداریکردن و سودوەرگرتن لە پرۆسەی گەشەپێدان بە هەمو ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە، ئەم یەکسانیەش پشت دەبەستێت بە ڕوانگەو هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە بۆ ڕوە لێکچو جیاوازەکانی نێوان ئافرەتان و پیاوان. ئەو ڕۆڵانەش کە ئەنجامی دەدەن کۆمەڵگە پێیان دەبەخشێت لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە کۆمەڵگەدا بە پشت بەستن بە پرەنسیپەکانی دادپەروەری (خلالفة، 2017: 6). یەکسانی جێندەری بریتییە لە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەریەکە لە ئافرەت و پیاو بۆ بەدیهێنانی تەواوی مافەکانیان و بەشداریکردن و سودوەرگرتن لە پێشکەوتنە ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری و سیاسییەکان. یەکسانی جێندەری هەوڵی بەدیهێنانی دادپەروەری دەدات لە نێوان ئافرەت و پیاو بۆ وەرگرتن و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیە جیاوازانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەن. بەم شێوەیە یەکسانی جێندەری زیاتر پشت بە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی شکۆی کەسەکان دەبەستێت و بە پێچەوانەی جیاوازی جێندەری کە جەخت دەکاتە سەر جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ئافرەت و پیاو سەبارەت بە دەستکەوت و هەڵوێستە ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا (Isidiho and others, 2020: 19).

## سێیەم: جیاوازی جێندەری (التمييز الجندري - Gender Inequality)

جیاکاری جێندەری: بریتییە لەو دۆخەی کەوا ئافرەتان تێیدا کەمترین ڕۆڵ و دەستکەوتیان هەیە لە ئەرک و ماف و بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگە بەراورد بە پیاوان (Ritzer,2010: 461). لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتوە کەوا جیاکاری جێندەری بریتییە لە نایەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لەڕوی پێگەی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی داهات و

دەرفەتی وەرگرتنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا، سەرچاوەی ئەم نایەکسانیەش بۆ سیستەمی ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە کە زیاتر بەرامبەر ئافرەتان پەیڕەودەکرێت (Ritzer & Stepnisky, 2018: 55).

## چوارەم: گەشەپێدان (التنمية – Development)

لەڕوی زمانەوانییەوە چەمکی گەشەپێدان وەکو هەمو زاراوەکانی پەیوەست بە زانستە مرۆڤایەتییەکان چەندین واتا و وێنەی جیاوازی بۆکراوە بەتایبەتی لە زاراوەوە وەرگێڕاوەکان، بەجۆرێک دەبینین زاراوەکە لە زمانی عەرەبی جیاوازە لە ئینگلیزی، لە زمانی عەرەبی زاراوەی تنمية لە (نمی) (گەشەکردن) هاتوە، لە فەرهەنگی لسان العرب هاتوە، النماء: زیادکردن، نمی ینمی نمیا ونمیا ونماء: زیادکردن و زۆربون واتە زیادکردن و بڵاوبونەوە. بەڵام چەمکی گەشەپێدان لە زمانی ئینگلیزی Development واتە: کرانەوە و فراوان بون، بەرەوپێش چون، گەشەکردن، بەرەوپێش بردن. چەمکەکە لە زمانی ئینگلیزیدا واتا فراوانبون و بەرەوپێش چون، بۆئەمەش پێویستی بە گۆڕانکاری ناوەکی سیستەمەکە هەیەو پێویستە بگۆڕدرێت بە سیستەمێکی تر کە توانای و کاریگەری زیاتر بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی. ئەمەش بەپێی پلانی ئابوری. زاراوەی گەشەپێدان Development بەشێوەیەکی سەرەکی پاش جەنگی دوەمی جیهانی لە زانستی ئابوری بەکارهات، ئامانجیش لێی ئەو گۆڕانکارییانە بو کە بەسەر کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دێت بە ئامانجی پەیداکردنی توانا بۆ بەرەوپێش بردنی خودی بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان بەجۆرێک بتوانێت ئەو پێداویستییانە پر بکاتەوە (المهدي، 2016: 3). ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پێناسەی گەشەپێدان دەکات بەوەی کەوا گەشەپێدان بریتییە لە گەشەکردن بە ئاراستەی گۆڕانکاری، واتە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئابوری لە ڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، هەر بۆیە ئەم گەشەپێدانە دەبێت لەسەر هەردو ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر گەشەی ڕەوشت و دەرون و لایەنی ڕوحی تاکەکانی کۆمەڵگە، هەر بۆیە ئامانج و مەبەستی گەشەپێدان بریتییە لە بەرزکرنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوولاتیان لەڕوی پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی و نەهێشتنی نەخوێندەواری و گرنگیدان بە پرسی ئافرەتان و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتری کارو دامەزراندن و شوێنی نیشتەجێبون و پیشەو ڕاهێنان (حمداوي، 2017: 53).

## پێنجەم: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (التنمية الاجتماعية – Social Development)

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گوزارشتە لە چەمکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات کەوا بونیاددەنرێت لەسەر بنەمای هاوکاری و هەماهەنگی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو بەشداریکردن و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی کە ئامانج و مەبەست لێی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەیە، ئەم گەشەپێدانەش پەیوەستە بە خواستی بەشداریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەم پرۆسەیەدا، ئارەزوی تاکەکانی کۆمەڵگەش بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەپێدان لەسەر بناغەی پتەو لە ئینتیماو دڵسۆزی و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی سەرچاوە دەگرێت

بۆ ئەوەی گەشـــەپێدان و پێشـــکەوتنی خوازراو بۆ کۆمەڵگە بەدەســـتبهێنرێت (السـروجي، 2001: 37). لەلایەکی دیکەوە بەشـــێک لە توێژەران پێیانوایە کەوا گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێک هەوڵی زانســـتی بەکارهێنراو بۆ ڕێکخســـتنی کارو چالاکییەکانی حکومەت و هاووڵاتیان لە ئاســـتە جیاوازەکاندا بە مەبەســـتی بەگەڕخســـتنی ئەو دەرامەتانەی کە هەن بەپێی پلانێکی داڕێژراو لە پێناو پێشـــکەوتن و گەشـــەپێدان بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگە (حسن، 2015: 225 – 226).

## بەشی دووەم: پاشخانی تیۆری

### یەکەم: تیۆرە بایۆلۆجییەکان: Biological Theory

تیۆرە بایۆلۆجییەکان لە یەکەمین هەوڵەکان هەژمار دەکرێن بۆ ڕونکردنەوەی جیاوازییە گشـــتییەکانی نێوان ئافرەتان و پیاوان لەسـەر بنەمای بایۆلۆجی، هەروەها شـیکردنەوەی پەرەسـەندنی چەمکی جێندەر لەسـەر بنەمای جیاوازییە بایۆلۆجییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو (حوســـو، 2009: 135). بنەمای ئەم تیۆرە لەســـەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە کە پێکهاتەی بایۆلۆجی جەستەی ئافرەتان و پیاوان بەرپرسیارە لە جیاوازییە سروشتییەکانی ڕەفتاری ئافرەتان و پیاوان وەکو هۆڕمۆن و کرۆمۆســـۆمەکان و قەبارەی مێشـــک و کاریگەرییە بۆماوەییەکان. هەر بۆیە پەیڕەوان و لایەنگرانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە کەوا جیاوازی جێندەری لەســـەر بنەمای بایۆلۆجی لەســـەرجەم کۆمەڵگەو کولتورە جیاوازەکاندا هەســـتی پێدەکرێت و دەبینرێت (یونســـي & تلي، 2020: 84). واتە ئەم تیۆرە جەخت دەکاتە ســـەر ئەوەی کەوا فاکتەرە ســـروشـــتییەکان بونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی پیاوان بەهێزتر دەربکەون لەچاو ئافرەتان ئەمەش بەهۆی پێکهاتەی جەســـتەیی و بەهێزی ماســـولکەکانیانەوە، هەر بۆیە پیاوان توانای ئەنجامدانی کاری قورس و گرانیان هەیەو هەر لەبەر ئەوەشـــە زیاتر ڕۆڵ و بەرپرســـیارێتییە جیاوازەکانی کارو بەڕێوەبردن دەدرێتە پیاوان، بەڵام لە بەرامبەردا پێکهاتەی جەســـتەیی ئافرەتان و خودی ئافرەتان خۆیان خاوەن ســروشــتێکی نەرم و ناسکەو زیاتر خاوەن هەستی سۆزداریەو هەستەوەری زیاترە بۆیە لەم لایەنەوە ئافرەتان لەپێشـــترن بۆ ڕۆڵ و بەرپرســـیارێتییەکان لە بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنیان لەچاو پیاوان، هەر بۆیە ســەرچاوەی ئەم تیۆرە ئەو جیاوازییە بایۆلۆجیانە لەخۆدەگرێت کە لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا بەدیدەکرێت (ليلى أمال، 2018: 178 – 179).

کەواتە دەتوانین بڵێین هەرچەندە لەڕوی پێکهاتەی ســـروشـــتی جەســـتەییەوە جیاوازی لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا هەیەو لە زۆرێک لە کۆمەڵگە کلتورییەکاندا زۆرجار ئەم جیاوازایە کراوەتە بنەماو پێوەرێک بۆ پێدانی ڕۆڵ و بەرپرسـیارێتیە جۆراوجۆرەکان بۆ هەریەکە لە ئافرەتان و پیاوان و جیاوازیکردنەکەش زۆرجار لە بەرژەوەندی پیاواندا بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەگەر بێت و دەرفەت بۆ ئافرەتان بڕەخسـێت و ژینگەیەکی لەباری کارکردنیان

بۆ فەراهەم بکرێت ئەوە ئافرەتانیش دەتوانن توانای لێهاتویی خۆیان بە باشترین شێوە پێشکەشی کۆمەڵگە بکەن بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکرن، تەندروستی و خزمەتگوزاری و چاودێری کۆمەڵایەتی.

## دووەم: تیۆری جیاوازی جێندەری Gender Difference Theory

ئەم تیۆرە باوەڕی وایە کەوا ئەو نا هاوسەنگیەی کە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا بونی هەیە دەرئەنجامی نەبونی گونجانە لە نێوان ڕۆشنبیری پەروەردەو فێرکردن لەگەڵ ڕۆشنبیری مێینە. واتە ئەم تیۆرە پێیوایە کەوا ڕەگەزی مێینە تەنها لە چوارچێوەی ژینگەی قوتابخانەدا پێویستی بە ڕەتکردنەوەی جیاوازی جێندەری نییە، بەڵکو ئافرەتان پێویستیان بە سیستەمێکی پەروەردەیی هەیە کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی جێندەری بونیادنرابێت، نەوەک سیستەمێک کەوا ڕەگەزێک لە بەرامبەر ڕەگەزەکەی دیکەدا بە باڵاتر بزانێت (الصديقي، 2010: 49 – 50). ئەم تیۆرە جەخت لەسەر پێویستی بڵاوبونەوەی بەهای ئافرەت لە ژینگەی قوتابخانەو پرۆگرامەکانی خوێندن دەکاتەوەو ڕەتیدەکاتەوە کەوا سەرکەوتنی کچێک لە قوتابخانەو خوێندندا وەک نمونەیەکی سەرکەوتوی کوڕانە یان پیاوانە سەیر بکرێت (حوسو، 2009: 165). واتە باوەڕی ئەم تیۆرە وایە ئەگەربێت و ژینگەیەکی لەبارو گونجاو هەبێت ئەوا ئافرەتانیش دەتوانن هاوشێوەی پیاوان توانای لێهاتویی خۆیان بسەلمێنن و سەرجەم ئەو دەسکەوت و ئامانجانەی کەوا پیاوان بەدەستیان هێناوە لە بواری گشتیدا ئەمانیش بەدەستیبهێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ژینگەیەی کەوا ئافرەتان کاری تێدا دەکەن، واتە هەرچەندە ژینگەی کار لەبار و گونجاو بێت و دوربێت لە پەراوێزخستنی توانا و مەعریفەو جیاوازی جێندەری ئەوە ئافرەتانیش دەتوانن ڕۆڵ و کارامەیی خۆیان بسەلمێنن، هەرچەندە لە ڕوی سروشتی پێکهاتەی بایۆلۆجییەوە جیاوازبن لە پیاوان، چونکە ئەم جیاوازیە سروشتیەی نێوانیان لە بەهای توانا و کارامەییەکان کەم ناکاتەوە. هەر بۆیە ئەم تیۆرە وای دەبینێت کەوا نابێت ئەو جیاوازیانەی سروشتیەی کە لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا هەیە بکرێتە بنەمایەک بۆ جیاوازی جێندەری دژ بە ئافرەتان لەسەر بنەمای بە باشتر زانینی پیاوان لە ئافرەتان (محمد، 2021: 646 – 647).

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ژینگەیەی کە هەر یەکە لە ئافرەت و پیاو تێیدا دەژین دەرفەتەکان بۆ هەردولا بە شێوەی یەکسان برەخسێنێت و جیاوازی سروشتیەکانی نێوانیان نەکاتە پێوەر بۆ بەرجەستەکردنی توانای لێهاتوییەکانیان، ئەوە هەر یەکە لە ئافرەت و پیاو دەتوانن بە باشترین شێوە خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن لە سەرجەم بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

## سێیەم: تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: Social Role Theory

ئەم تیۆرە باوەڕی وایە کەوا ڕەفتاری تاک و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی پشـــت بەو ڕۆڵە یاخود ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانە دەبەستێت کە دەیگێڕێت (حسن، 2012: 194). هەر بۆیە هزری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پشت بە چەمکی چاوەڕوانی پەیوەســـت بە پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی دەبەســـتێت. هەر پێگەیەک لەم پێگانە جۆری چاوەڕوانی جیاوازیان هەیە کە ڕەفتاری تاکەکان ئامادەو دەســـتنیشـــان دەکەن، کە هەمویان بە یەکترەوە بەستراون و تۆڕێکی فراوان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە پێکدەهێنن (خلیل، 2009: 272). لە دیارترین پێسەنگەکانی ئەم تیۆرە ئێلیزابیس جێنوەی (Elizabet Janeway 1913 - 2005) کە پێیوایە ڕۆڵ دو ڕەهەند لەخۆدەگرێت: ڕەهەندی یەکەم: ڕۆڵەکان بە شـــێوەیەکی ســـەربەخۆو دەرەکی لە دەرەوەی تاکەکان بونیان هەیە، چونکە کۆمەڵگە پێناســـەی ڕۆڵ دەکات بەشـــێوەیەکی گشـــتی و دور لەو تاکانەی کە ئەو ڕۆڵە ئەنجام دەدەن. ڕەهەندی دوەم خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوا کۆمەڵگە بە گوێرەی ڕەگەزەکان پۆلێنی ڕۆڵە گونجاوەکان دەکات. بۆ نمونە ڕۆڵی چاودێریکردن زیاتر بەســـتراوەتەوە بە ئافرەت، چاوەڕوانییەکانی ئەم ڕۆڵە بەشـــێوەیەکی گشـــتی چاودێریکردنی منداڵ و بەســـاڵاچوان و نەخۆشـــەکان لەخۆدەگرێت. بە بڕوای جێنوەی بە هۆی ئەو چاوەڕوانیەی کۆمەڵگە لە ئافرەت هەیەتی کە زیاتر خۆی لە کارکردن لە چوارچێوەی ماڵدا دەبینێتەوە ئەم چاوەڕوانیانە لە ئافرەت کاریگەری دەبێت لەسەر کاری ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ و تەنانەت لەسەر جۆری کارەکەشی. بەم شێوەیە نوێنەرایەتیکردنی ئافرەت لە پێگەو شـــوێنەکانی کارکردن لەگەڵ پیاواندا یەکســـان و هاوتەریب نییە، لەبەر ئەوە دەبینین ئافرەتان زیاتر جەخت لەســـەر کەرتەکانی خزمەتگوزاری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنەوەو لە بەرامبەردا پیاوان دەچنە پۆست و پلە باڵاکان و دەسەڵاتەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردن (حوسو، 2009: 158).

کۆمەڵناسـی ئەمریکی تالکۆت پارسـۆنز (Talcott Parsons 1902-1979) یەکێک بوە لەو کۆمەڵناسـانەی کەوا هەوڵیـان داوە بنەمـای کۆمەڵگەیی دابەش بکەن بۆ هەردو بـابەتی نێرایەتی و مێیـایەتی. لە ڕوانگەی پارســۆنزەوە کۆمەڵگە دو ئەرکی ســەرەکی هەیە کە ئەوانیش بریتین لە هەدو پرۆســەی بەرهەمهێنان و دوبارە بەرهەمهێنانەوە. هەروەها ئەم دو ئەرکە پێویســـتیان بە دو ســـیســـتەمی جیاواز هەیە کە ئەوانیش بریتین لە سیستەمی پیشەیی و سیستەمی خزمایەتی کە ئەم دو سیستەمە پێویستیان بە دو جۆرە ڕۆڵ هەیە تاکو کۆمەڵگە بتوانێت بەشـــێوەیەکی ســـەرکەوتوانە کار بکات. لەم گۆشـــە نیگایەوە پارســـۆنز جیاوازی ڕۆڵە جێندەرییەکان دەبەســـتێتەوە بە پێویســـتی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی هەر یەکە لە نێرو مێ ڕۆڵە جیاوازەکانی خۆیان ئەنجام بدەن (Kimmel, 2011: 105-106). واتە پارسـۆنز پرۆسـەی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا دەبەسـتێتەوە بە پیاوان بە کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، بەڵام پرۆسـەی دوبارە بەرهەمهێنانەوە دەبەسـتێتەوە بە خێزان لە ناو خێزانیشـدا ئەم ڕۆڵە بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی بەر ئافرەتـان دەکەوێت کە ئەرکی ســـەرەکییـان لەنـاو خێزانـدا بریتییە لە

پەروەردەکردنی منداڵان و چاودێری کردنیان و گەورەکردنیان و ئامادەکردنیان بۆ جێبەجێ کردنی کارو داخوازییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا، پارسۆنز ئەم دابەشکردنی ڕۆڵە دەبەستێتەوە بە جیاوازی ڕەگەزی و جێندەری لە خێزانی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سیستەمی سەرمایەداری (Conley, 2008:460).

واتە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە هەر یەکە لە ئافرەت و پیاو تێیدا دەژین ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان لە نێوان ئافرەتا و پیاواندا، واتە هەرچەندە کۆمەڵگە لە دۆخی کرانەوەو بەرەوپێشچوندابێت و دابەشکردنی ڕۆڵەکان لە کۆمەڵگەدا لەسەر بنەمای سروستی پێکهاتەی جەستەیی نێوان ئافرەت و پیاو نەبێت، ئەوە ئافرەتان و پیاوان هەمان دەرفەتیان هەیە بۆ وەرگرتنی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەدا.

**چوارەم: تیۆری بەهێزکردنی تواناکانی ئافرەتان (Empowering Women theory)**

سەرەتای دەرکەوتنی چەمکی بەتواناکردن دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردو، چەمکی بەتواناکردن گوزارشت لە توانای تاکە کەس دەکات کە تاک دەتوانێت بەرپرسیارێتی ژیانی خۆی لە ئەستۆ بگرێت لە بەڕێوەبردن و بەرەوپێشبردنی ژیانی تایبەتی. لەبەرئەوە چەمکی بەتواناکردن بە یەکێک لە بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ تاک و گروپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە. چەمکی بەتواناکردن لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو چوەتە نێو کارنامەی گەشەپێدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بایاننامەی کۆنگرەی قاهیرەی پایتەختی میسر تایبەت بە پرسی گەشەپێدان و دانیشتوان کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو لەو وڵاتەدا بەسترا ئاماژە بەوە دەکات کەوا باشترکردنی دۆخی ئافرەتان لە ڕوی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەو حکومەتێکی دیموکراسی و دادپەروەر (الكوح، 2016: 267-266).

مەبەست لە بەتواناکردنی ئافرەتان پەرەپێدانی وزەو تواناکانی ئافرەتانە بەتایبەت لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن کە بە هۆی بەهاو پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگەوە تواناکانی ئافرەت سنوردارکراون یاخود لەباربراون و ڕێگری دەکەن لە بەرەوپێشچونی ئافرەتان و دەرخستنی تواناکانیان، هەروەها کارکردن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەشداریکردنی کاریگەرانەی ئافرەت لە پرۆسەی گەشەپێداندا (بدري، 2013: 468).

تیۆری بەتواناکردنی ئافرەتان لەسەر دەستی کۆمەڵێک بیرمەند لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەرکەوت کە بریتیبون لە کۆمەڵێک ئافرەتی سەر بە گروپی پەرەدان بە ئەڵتەرناتیڤێک لەگەڵ ئافرەتان بۆ سەردەمی نوێ(DAWN-) تۆڕێکە لە توێژەران و چالاکوانانی فێمینیستی باشوری ئابوری، خەریکی توێژینەوەی فێمینیستی و شیکردنەوەی ژینگەی جیهانی و کارکردن بۆ دادپەروەریی ئابوری و جێندەری و گەشەسەندنی بەردەوام، هەروەها جەختدەکاتە سەر بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی گەشەپێدان، پێشەنگ و لایەنگرانی ئەم تیۆرە

باوەڕان وایە کە بێبەشکردنی ئافرەتان لە پرۆسەکانی گەشەپێدان ڕەهەندی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پشتەوەیە، بەم جۆرە ڕەوتێکی نوێ لە جیهاندا سەری هەڵدا کە پشتگیری لە ئافرەتان و بەتواناکردنیان دەکرد بۆ هاوبەشی پێکردنی ئافرەتان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە هاوشانی پیاوان لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە وەکو کایەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و کولتوری بۆ ئەوەی ئافرەتان هاوشێوەی پیاوان دەستیان بگات بە ناوەندەکانی بڕیاردان لە کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا (ياسمينة وأخرون، 2018: 443-444).

لە ڕوانگەی دیدو بۆچونی ئەم تیۆرەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر بێت و دەرفەتی بەرەوپێشبردنی تواناکانی ئافرەتان و بەگەڕخستنی تواناو لێهاتوییە جۆراوجۆرەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت و بڕەخسێت ئەوا ئافرەتانیش دەتوان هاوشێوەی پیاوان لە کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن و بەشداربن لە پێشکەشکردن و گەیاندنی سودو خزمەتگوزاریە گشتیەکان.

## گرنگترین بوارەکانی بەتواناکردنی ئافرەتان

1_ **بەتواناکردنی ئابوری Economic Empowerment:** بەتواناکردنی ئابوری ئافرەتان بە یەکێک لە گرنگترین مەرج و نیشانەی پێشوەختە دادەنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، کەواتە یەکسانی جێندەری لە دەرفەت پێدان بۆ هەر یەکە لە ئافرەتان و پیاوان بۆ کارکردن لە بواری ئابوریدا هۆکارێکی سەرەکیە لە سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدان بە گشتی. بەتواناکردنی ئابوری ئافرەتان خۆی دەبینێتەوە لە دەستڕاگەیشتنی ئافرەتان بە دەرفەتی کار لە بوارە جیاوازەکاندا، خاوەندارێتی سەرمایە، پەرەپێدانی کارەکەیی و لێهاتویی ئافرەتان لە بواری ئابوریدا (فهمي الكردي، عديره، 2014: 101).

2_ **بەتواناکردنی کۆمەڵایەتی Social Empowerment:** لایەنگرانی ئەم ڕەهەندە باوەڕیان وایە کە پێویستە ئافرەتان تواناو لێهاتویی خۆیان بەکاربهێنن بۆ بونیادنانی کولتورێکی کۆمەڵایەتی نوێ لە کۆمەڵگەدا کەوا یەکسانی و دادپەروەی لە نێوان ئافرەتان پیاوان بێنێتە کایەوەو پێویستە پێداچونەوە بە یاساکانی باری کەسێتی و پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاودا بکرێت و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا لە چوارچێوەی پەروەردەکردنی منداڵ و کاروباری ناو ماڵدا سنوردار نەکرێت، بەڵکو دەبێت ئافرەتانیش هاوشێوەی پیاوان لە سەرجەم بوارەکاندا ڕۆڵی جۆراوجۆر وەربگرن و بەرجەستەی بکەن لە کۆمەڵگەدا. لەبەرئەوە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کولتورە لە کۆمەڵگەدا پەنایان بردە بەر سازدان و ئەنجامدانی کۆڕو سیمینارو گفتوگۆی جۆراوجۆر بۆ پێشخستن و بڵاوکردنەوەی زیاتری ئەم چەمکە لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بونیادنانی پێشکەوتو بەردەوام (الكعبي، 2020: 60).

**3_ بەتواناکردنی پەروەردەو فێرکردن Education Empowerment:** پەروەردەو فێرکردن بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی بەتواناکردنی ئافرەتان دادەنرێت وەک یەکێک لە ڕێگاکانی بەرەنگاربونەوەی نایەکسانی جێندەری بۆ گەیشتن بە ئاستێکی باشی گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی. بەم پێیە بێبەشکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بە یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم بەتواناکردنی ئافرەتان دادەنرێت لە بوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، و دەبێتە هۆی دروستبونی ناهاوسەنگیان لەگەڵ ژمارەی پیاوان لە بەشداریکردنیان لە بوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەم نا هاوسەنگیەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر بەشداریکردنی ئافرەتان لە چالاکیە ئابوری و سیاسییەکاندا (شملاوي، الحيط، 2019: 53-54).

**4_ بەتواناکردنی سیاسی Political Empowerment :** بەتواناکردنی سیاسی ئافرەتان خۆی دەبینێتەوە لە بەشداریکردن لە کاری سیاسیدا، لەوانە دانانی کورسی کۆتا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بتوانن هاوشێوەی پیاوان لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی گەل لە پەرلەماندا مافی خۆ کاندیدکردن و بونە ئەندام پەرلەمانیان هەبێت و بتوانن وەکو پیاوان ئەدای کاری پەرلەمانی بکەن لە پرۆسەی سیاسیدا. بەتواناکردنی سیاسی ئافرەتان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتودا پەیوەستە بە کۆمەڵێک گۆڕاوی کۆمەڵایەتییەوە لەوانە: کولتوری باوی کۆمەڵگە، ئاستی ڕۆشنبیری و ڕازی بونی کۆمەڵگە بە بەشداریکردنی ئافرەتان لە کاری سیاسی، ڕێکخراوەیی و پارتایەتیدا (غراز&بوقبرين، 2021: 138-139).

کەواتە دەتوانین بڵێین دانانی کورسی کۆتا لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەتایبەت بۆ ئافرەتان جیاوازییەکی جێندەری بەرچاوە. جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە بەوپێیەی بە ڕێژەی دەنگی کەمتر لەچاو پیاوان دەبنە خاوەن کورسی پەرلەمانی و نوێنەرایەتی گەل دەکەن لە پرۆسەی سیاسیدا.

## بەشی سێیەم: جیاوازی جێندەری و پەیوەندی جیاوازی جێندەری بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

### یەکەم: هۆکارەکانی جیاوازی جێندەری

### 1 – کولتور

سەبارەت بە ڕۆڵی کولتور لە دروستکردنی جیاوازی جێندەری لە گوتە بەناوبانگەکەی فێمێنیستی بەناوبانگی فەڕەنسی (سیمۆن دی بۆڤوار 1908 – 1986) دەست پێدەکەین کە دەڵێت: ئافرەت بە ئافرەتی لە دایک نابێت بەڵکو بە تێپەڕبونی کات لەژێر سایەی ئەو کولتورەی کە تێیدا لەدایک دەبێت و گەورە دەبێت دەبێتە ئافرەت، لە ڕوانگەی دی بۆڤوارەوە نە سروشتی بایۆلۆجی و نە دەرونی نە ئابوری نابنە پێوەرێکی دیاریکراو بۆ دیاریکردن و بەرجەستە کردنی ئەو ڕۆڵەی کە ئافرەت لە کۆمەڵگە دەیگێڕێ، بەڵکو ئەوە کولتورو ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیە کە لە

چوارچیوەی یاســاو دابونەریت و بەهاو پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵە جیاوازەکان بۆ هەر یەکە لە ئافرەتان و پیاوان لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی دەستنیشان دەکات (عبدالصمد، 2019: 615).

ئەنثرۆپۆلۆجیستە ئافرەت گەراکان جیاوازی جێندەری دەگەڕێننەوە بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کە پشت بە کولتورو ئایدۆلۆژیای باوی کۆمەڵگە دەبەستێت، بە بۆچونی ئەنثرۆپۆلۆجیە ئافرەت گەراکان کولتوری بەشێک لە کۆمەڵگەکان ســەبارەت بە پێگەو ڕۆڵی هەر یەکە لە ئافرەت و پیاو زنجیرەیەکی هەرەمی دروســت کردوە کە تێیدا پیاو لە سەرەوەی لوتکەی هەرەمەکەدایەو ئافرەتیش پێگەی دوەمی پێدراوە هەر بۆیە زۆربەی بەرپرسیارێتی و ڕۆڵەکان لە کۆمەڵگەدا دەدرێتە پیاوان و بەم هۆیەشـــەوە لە ڕوی کردەییەوە پیاوان پلەو پێگەیەکی بەرزتریان هەیە بە بەراورد بە ئافرەتان (عبدالحافظ، 2018: 592). لە دیارترین ئەنثرۆپۆلۆجیســتەکان (مارگرێت مید 1901 – 1978) ئاماژەی بەوە داوە کەوا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئافرەتـان و تواناکانیـان و شـــێوازی مامەڵەکردنیـان دەرئەنجـامی کۆمەڵێـک کـاریگەری کولتورییە کە تێیـدا پێگە کۆمەڵایەتییەکـانیـان لە چوارچێوەیەکی دیـاریکراودا سـنوردار دەکرێت. بەڵام هەر ئەو ئافرەتەی کە لە ژێر ســایەی کولتوری کۆمەڵگەی خۆیدا ناتوانێت بەرجەســتەی ڕۆڵە جیاوازەکان بکات و تواناکانی خۆی دەربخات و بەرەوپێشـی ببات ئەوە هەر ئەم ئافرەتە کە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا دەرفەتی زیاتری پێدەدرێت و پاڵپشـتی دەکرێت دەتوانێت باشـتری ڕۆڵ و توانای خۆی هاوشـێوەی پیاوان پیشان بدات و بونی خۆی بسەلمێنێت (موسی، 1998: 425).

کولتوری کۆمەڵگەی کوردی وەک هەر کولتورێکی دیکە بەدەر نیە لە جیـاکـاری جێنـدەری، بەهۆی ئەوەی تاوەکو ڕاپەڕینی ســاڵی 1991 تەنانەت تاوەکو پرۆســەی ئازادکردنی عێراق لە ســاڵی 2003 کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نەریت پارێز بوەو پیاوان خاوەن بڕیاری یەکەم و کۆتایی بونە لەســەرجەم کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە، لێرەدا دو نمونە لەسەر بونی جیاکاری جێندەری لە کولتوری کۆمەڵگەی کوردیدا دەخەینەڕو.

**یەکەم**: لە ڕوی خوێندن و خوێندەوارییەوە تاوەکو نیوەی دوەمی ســـەدەی ڕابردوش نەخوێندەواری باڵی ڕەشـــی بەســـەر ئافرەتاندا کیشــابو، بۆ نمونە لە ســاڵی 1952 لە هەمو پارێزگای هەولێر تەنها 759 قوتابی کچ چونەتە بەر خوێندنی ســـەرەتایی و تەنها 39 مامۆســـتای ئافرەت دەرســـی پێداون لە کاتێکدا ژمارەی ئەو ئەو ئافرەتانەی کە لەو کاتەدا لە شـــاری هەولێر ژیاون بریتی بوە لە 131288 لەم ژمارەیەش کە ڕێژەکەی(0,57%) ئەوانەی تەمەنیان لە 5 ساڵ زیاتر بوەو نەخوێندەوار بون بریتییە لە 107940. هەروەها بۆ هەمان ساڵ لە شاری سلێمانی تەنها 1132 قوتابی کچ چونەتە بەر خوێندنی سـەرەتایی و تەنها 49 مامۆسـتای ئافرەت دەرسـی پێداون لە کاتێکدا ژمارەی ئەو ئەو ئافرەتانەی کە لەو کاتەدا لە شــاری ســلێمانی ژیاون بەبێ کۆچەرییەکان بریتی بوە لە 124633 لەم ژمـارەیەش ئەوانەی تەمەنیـان لە 5 ســـــاڵ زیـاتر بوەو نەخوێنـدەوار بون بریتییە لە 101886 (ئەحمەد، 1981: 77). ئەوانەشـــی کە خوێندەواربونە زۆر پابەندبونە بەدابونەریت و کولتوری باوی کۆمەڵگەوەو

پابەندبونی خۆیان سـەلماندوە هەروەک هێنی هەنسـن کە لە سـاڵی (1957) ڕودەکاتە کوردسـتان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی ئەنثرۆپۆلۆجی دەڵێت: ئـافرەتی کورد بەجۆرێـک پـابەنـدی کولتوری کۆمەڵگەکەی بوە تەنانەت توێژە خوێندەوارەکەشی لە دەرەوەی کوردستان و کولتورەکەشی بێ عەباو پەچە بێت هەر بۆیە ناوی لە توێژینەوە مەیدانییەکەی ناوە (کچانی خوا) (ناوخۆش، 2015: 76).

**دوەم**: دەربارەی ئەنجامدانی کاری نەخوازراو و دژ بە کولتورو ئادابی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دوبارە جیاوازی لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا بونی هەبوە، بۆ نمونە ئەگەر ئافرەتێک کارێکی دور لە ڕەوشـــتی خێزان و کۆمەڵگە بکات کەوا کـاریگەی لەســـەر نـاو و پێگەی خێزان هەبێت و هـاودژبێت لەگەڵ کولتوری بـاو ئەوە ئەم ئـافرەتە ڕوبەڕوی توندترین سـزا دەبێتەوە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەی یاخود کەسـانی خزمی نزیکی خێزانەکەی تەنانەت ئەم سـزایە هەندێجار تاکو کوشـتنیش دەڕوات، بەڵام ئەگەربێت و پیاوێک هەمان کاری دور لە ڕەوشـتی کۆمەڵگە ئەنجام بدات ئەوە زۆر نابێتە کێشـەو سـزایەکی ئەوتۆش نادرێت (برێنمان، 2022: 175). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا لە بەشـــێکی زۆر لە کۆمەڵگە کولتوری و نەریت پارێزییەکاندا ڕەفتاری ئافرەت کاریگەری لەســـەر بنەماڵەو کۆمەڵەکەی دەبێت، بەهۆی ئەوەی کەوا چەمکی شـــەرەف و ناو و ناوبانگی خیزان بەســـتراوەتەوە بە ئافرەت، بۆیە ئەگەر ئافرەتێک دژ بە کولتوری کۆمەڵگەی خۆی ڕەفتار بکات ئەوکاتە بەرپرســـیار دەبێت بەرامبەر لەکەدارکردنی بنەماڵەو کۆمەڵەکەی، بەم جۆرە ڕوبەڕوی توندترین سزا دەبێتەوە لەپێناو کۆنترۆڵکردنی، هەر بۆیە لە بەشـێکی زۆر لە وڵاتان تاوانی بەناو شـەرەف لەلایەنی بەندە یاسـاییەکانەوە بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت (شاکەلی، 2009: 60).

کەواتە دەتونین بڵێین جیاوازی جێندەر بونیـادێکی کۆمەڵایەتییە کە کۆمەڵگە بە نـاوەنـدی هێزو بڕیـاردان و یکلاکردنەوەی هەژمار دەکرێت (عیسی، 2021: 625).

## 2 – خێزان

خێزان یەکەم ژینگەی پەروەردەییە کە تـاک تێیـدا گەشـــە دەکـات و کەســـایەتی تـاک و ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی تێدا دروســـت دەبێت، کە تێیدا تاک لە ســـەرەتای تەمەنی منداڵییەوە زمان و دابونەریت و بەهاو بیروباوەڕی کۆمەڵگەو لێهاتویی خۆی بە مامەڵەکردن لەگەڵ کەســـانی دیکەدا لێیەوە بەدەســـت دەهێنێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا تاک لە یەکەم ڕۆژەکانی لەدایک بونیەوە لەناو خێزاندا دەبێت و پەروەردەی خێزانیش لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاردا دەبێت کە گرنگترینیان سـیسـتەمی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابوری خێزانە. سـیسـتەمی ڕۆشـنبیری خێزانیش بە واتای کۆمەڵێک هەلومەرجی کولتوری و پەروەردەیی و ئایینی و فکری دێت (استيتية & سرحان، 2012: 269). هەر بۆیە منداڵان لە ڕێگەی بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە لە پرۆسەی پەروەردەکردندا بەشـــدارن وردە وردە فێری ئەو نۆرم و چاوەڕوانیانە دەکرێن کە لەگەڵ جۆری ڕەگەزەکەیدا

دەگونجێت جا لە ڕەگەزی نێر بێت یاخود لە ڕەگەزی مێ، هەر بۆیە جیاوازی جێندەری لە ڕوی بایۆلۆژییەوە دیاری ناکرێت بەڵکو لە ڕوی کولتورییەوە بەرهەم دەهێنرێت. بە بڕوای ئەوانەی ئەم بۆچونەیان هەیە جیاوازی جێندەری دەرئەنجامی شـــێوازی پەروەردەکردنی دایک و باوکە بۆ منداڵەکانیان بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بەپێی جۆری ڕەگەزەکەیان ڕۆڵ بگێڕن (غیدنز، 2005: 188). لەبەر ئەوە کاتێک خێزان بە ڕێگەو شـــێوازی جیاوازو خاوەن کەســـایەتی جیاواز پەروەردەی کوڕ دەکات و بە هەمان شـــێوە بۆ کچانیش شـــێوازو تایبەتمەندی دیکەی جیاواز بەکاردەهێنێت ئەوە ئەم شـــێوازە جیاکارییە هەر لە ســـەرەتای تەمەنی منداڵییەوە کاریگەری لەســـەر کەسایەتی کەسەکە دادەنێت و کاریگەری لەسەر ژیانی دەبێت بەتایبەت لەسەر ئافرەت. بە وتەی (بارون) لێهاتویی مرۆڤ بەســـتراوەتەوە بە ســـەربەســـتی لە دەربڕینی ئارەزوەکانیدا، بەڵام دەبینین لە زۆربەی خێزانەکاندا ئەو لێهاتوییە لە کوڕەکاندا بەدی دەکرێت و لە کچەکاندا زۆر کەمە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شـــێوازی پەوەردەدەی خێزانی (حەسەن، 2010: 40).

ڕۆبەرت جەی ستالەر (Robert J. Staller) دەرونناسی ئەمریکی کە بەشی زۆری توێژینەوەکانی تایبەتە بە بابەتە ڕەگەزییەکانی پەیوەندیدار بە پیاوانەوە، دەڵێت: ڕەفتاری دایکان لە ناو خێزاندا لەگەڵ کوڕەکانیان ڕەفتارێکی جیاوازترە بە بەراورد لەگەڵ کچەکانیان و بە جۆرێکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و تەنانەت بەشێوەیەکی دیکە لەباوەشـــیان دەگرن. ســـتالەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە کەوا جیاوازی نێوان ئافرەت و پیاو لە ڕوانگەی بایۆلۆژیەوە سەرچاوەی گرتبێت بەڵکو لە ڕوانگەی ستالەرەوە قۆناغی فێربون کە لە سەرەتای لەدایک بونەوە دەست پێدەکات بەشێکی سەرەکی لە ناسنامەی ڕەگەزی و جێندەری دەستنیشان دەکات، ستالەر دەڵێت: هیچ جۆرە هێزێکی خودی ئەو هۆشیاریە نادات بە منداڵ سەبارەت بەوەی کە ئەو کوڕە یاخود کچ بەڵکو دایک و باوک ئەو خاڵە فێری منداڵ دەکەن لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕەنگ و جۆری جل و بەرگ و جۆری یاری و... هتد، کە هەر لە ســـەرەتای لەدایک بونەوە ئەمانە فێری منداڵە کوڕو کچەکانیان دەکەن (سیمۆن دیبۆڤوار، 2018: 97–98).

بە بڕوای فریدریک ئەنگلس خێزان و بنەماڵە ڕۆڵێکی ســەرەکی دەبینن لە دروســتکردنی جیاوازی جێندەری و پێیوایە کە لە نێو بنەماڵەدا پیاو زۆرترین ڕۆڵی بۆرژواو ئافرەتیش ڕۆڵی کرێکار دەگێڕێت (ئەنگلس & کولدتای، 2008: 25).

بەم جۆرە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە ئەمەش بەهۆی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە کە لە خێزانەوە وەری دەگرێت، خێزانیش نمونەیەکی بچوککراوەی کۆمەڵگە گەورەکەیە کە هەڵدەســـتێت بە چاندنی بەهاو پێوەرە گشـــتییەکان لە بیرو هزری ئەندامەکانیدا کە کۆمەڵگە یاســـاو ڕێســـاکانی لەســـەر بونیاد ناوە لە پێناو دوبارە بەرهەمهێنانەوە بۆ بەردەوامی کۆمەڵگە، هەر بۆیە خێزان لە ســـەرەتای ژیانەوە پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان پێکدەهێنن و دیاری دەکەن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەیگوازنەوە. هەر بۆیە کاتێک ئافرەت ناتوانێت

کاری دەرەوە بکات و زیاتر بە کاروباری ماڵەوە خەریک دەبێت و ناتوانێت ببێتە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دارایی خێزان لێرەدا پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی بە کەمتر لە هی پیاو هەژمار دەکرێت بە هۆی ئەوەی پیاو خاوەن کارەو دارایی خێزان پشـــت بەو دەبەســـتیت لێرەوە باڵادەســـتی پیاو لە خێزاندا بە پلەی یەکەم ڕەنگ دەداتەوەو دەرەدەکەوێت. ئەم جیاکارییە جێندەرییە لەناو خێزاندا دەگەڕێتەوە بۆ دابەشـــکردنی کار لە خێزاندا کەوا ئافرەت بەرپرســـیارێتی ســـەرەکی و چاودێریکردنی خێزان لە ئەســـتۆی ئافرەت دایەو بەشـــی زۆری کارەکانی دیکەی دەرەوەی خێزان لە ئەســـتۆی پیاودایە بەتایبەتی کارکردن و دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزان، هەر بۆیە خێزان بە بەردەوامی ڕۆڵی جێنـدەری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازێتەوە بەو پێیەی تـاکە شـــوێنە بۆ دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی بەپێی جۆری ڕەگەز. منداڵان لە ڕێگەی پەروەردەی خێزانیەوە لە ڕوانگەی جۆرو شـــێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان لەســـەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی ناســـنامەی ڕەگەزی خۆیان لە پێدانی پێگەو ڕۆڵەکان بەدەستدەهێنن (بدوي، 2008: 56-57).

### 3- پەروەردە

زۆربەی ســیســتەمەکانی پەروەردە لە جیهاندا هەڵدەســتن بە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی جیاوازی جێندەری، ئەمەش بە دانانی جیاوازی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لە نێوان ڕەگەزەکانداو ئاراستەکردنی پەروەردەی ئافرەتان بە ئاراســـتەی خۆ تەرخانکردن بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و کاری ماڵەوە. ئەم ئەرکەش بەشـــێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری، هەر ئەمەشە وای لە نوسەر ئینگلیزی و چالاکی بواری مافی ئافرەتان ماری وٚلستۆنکرافت (Mary Wollstonecraft 1797-1759) کردوە کە بڵێت: پشتگوێ خستنی پەروەردەیەکی تەندروستی ئافرەتان گەورەترین سەرچاوەی نەهامەتیە کە من ماتەمینی بۆ دەگێڕم، چونکە پیاوان بە کەمتر لە تواناو پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان ســـەیری ئافرەتان دەکەن و زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەن کەوا ئافرەت بکەنە خاتونێکی گوێڕایەڵ (بدوي، 2008: 62).

قوتابخانە وەکو یەکێک لە گرنگترین دامەزراوە پەروەردەییەکان و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بابەتە دیاریکراوەکانی پرۆســـەی خوێندن و شـــێوازی وانەگوتنەوەی مامۆســـتایان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گواســـتنەوەی چەمک و بەهاکانی پەیوەســـت بە جیاکاری جێندەری، چونکە پەرتوکەکانی خوێندنی قوتابخانە یارمەتی هەمیشـــەیی بونی وێنە زەینییەکانی پەیوەســـت بە ڕەگەز دەدەن، پەرتوکەکانی قوتابخانە زۆربەی جار کوڕان بەجۆرێک وێنا دەکەن کە داهێنان و ســـەربەخۆیی لە خۆیاندا دەردەخەن لە کاتێکدا ڕۆڵی کچان لەناو پەرتوکەکاندا بەبێ تواناو هەڵچو دەردەخرێت لە بەرامبەردا کوڕان ڕۆڵی خاوەن ئاســـتێکی باڵای قارەمانێتی دەنوێنن (گیدنز، 2012: 574). کەواتە تاکو ئێستاش لە نێو دوتوێی کتێب و بابەتەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن و کەرەستە پەروەردەییەکان زیاتر باسی ڕۆڵ و قارەمانێتی و کارو چالاکیەکانی پیاوان دەکرێت و دەرخستنی ڕۆڵ

و پێگەی ئافرەتان لە خستنەسەر ڕێچکەی سەقامگیری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە پشتگوێ خراوەو کەمتر بایەخی پێدەدرێ، ئەمەش وادەکات کەوا منداڵان لە کوڕان و کچان لە سەرەتای قۆناغی فێربونی خوێندن و نوسینەوە وێنەی پیاوان بە شێوەی پاڵەوان لە هزریاندا بچەسپێت و وێنەی ئافرەتانیش وەکو چاودێری ماڵ و بەخێوکەری منداڵان وەربگرن، ئەمرش دەگەڕێتەوە بۆ کولتوری کۆمەڵگە کە دەیەوێ لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاساو ڕێسای تایبەت بۆ خۆی لە سیستەمی پەروەردەدا چەمکەکانی پەیوەست بە ئافرەتان و پیاوان بگوازێتەوە بۆ نەوەکانی.

کەواتە ئەگەر بێت و سیستەمی پەروەردە کار لەسەر جۆری پەروەردەی کۆنەپارێزی بکات و ڕۆڵ و پێگەو توانای توانای ئافرەتان بە کەمتر لە توانای پیاوان ببینێت و دەرفەتی فێربون و خوێندن تێیدا زیاتر بۆ پیاوان فەراهەمن بێت و لەباربێت ئەوە ئەم جۆرە پەروەردەیە لەگەڵ چەمکی نوێی گەشەپێدان و ئاراستەکانی لە بەتواناکردن و داهێنان لای تاکەکان ناگونجێت، بەڵکو دەبێتە ڕێگریش لە بەردەم پرۆسەی گەشەپێدان بە گشتی (حەسەن، 2011: 185).

کەواتە دەتوانین بڵێین پشتگوێخستنی ئافرەتان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و دورخستنەوەیان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بوەتە هۆکارێک بۆ چەسپاندنی پێگەی نەریتیان و دوبارە بەرهەمهێنانەوەی پرۆسەی جیاکاری جێندەری بەرامبەریان لە کۆمەڵگەدا. کەواتە دامەزراوە پەروەردەییە فەرمییەکان دامەزراوەی بێلایەن نین لە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی جیاکاری جێندەری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەکو هەر یەکێک لە خێزان و سیاسەت.

### 4- دەسەڵاتی سیاسی

دیاردەی دەسەڵاتی سیاسی وەک ترۆپکی هەرەمی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە بەرەوپێشبردن یاخود چەق بەستویی واقیعی کۆمەڵگە. واتە بە ئەندازەی پابەندبونی دەسەڵاتی سیاسی بە بنەما دیموکراسییەکان و فەراهەمکردنی ئازادییە گشتییەکان لە چوارچێوەی سنوری دەسەڵاتیدا بواری بەشداریکردنی کاریگەرانەی ئافرەت لە واقیعدا کاراتر دەبێت و تواناکانی ئافرەتان بەرەو باڵاتر هەنگاو دەنێت. بە پێچەوانەشەوە تاکو مەوداکانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا بەرتەسک بکرێتەوەو ئازادییەکان سنورداربکرێن و دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن لە برەوسەندندابێت ئەوا بوارەکانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە سەرجەم کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا بەرتەسک دەکرێنەوەو سنورداردەکرێن و دەرکەوتنی وزەو توانای ئافرەتان لەباردەبرێت (محمد، 2005: 63).

بە هۆی ئەوەی کەوا ئافرەتان لە توانای بەگەڕخستنی دەسەڵاتی سیاسی بێبەشن، هەربۆیە خاڵی دەستپێکردنی زۆربەی توێژینەوە فێمێنیستییەکان لەسەر سیاسەت پێکدێنێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ناو خودی وڵاتە ڕۆژئاواییە دیموکراسییەکاندا لە بەشێکی هەرە زۆری مێژوی خۆیاندا مافی دەنگدانیان بۆ ئافرەتان بە ڕەوا نەبینیوەو تا ئێستاش لە ناو دەزگا فەرمییەکان و ئەنجومەنەکانی بڕیاری سیاسیدا لەسەرجەم

وڵاتانی جیهاندا ژمارەو نوێنەری ئافرەتان وەکو پێویست نییەو لەچاو ڕێژەی پیاوان زۆر کەمترە، کەواتە دەتوانین بڵێین ســیاســەتی فەرمی لەژێر هەیمەنەو هەژمونی دەســەڵاتی پیاواندایە. هەروەک براون دەڵێت: ســیاســەت بە درێژایی مێژو زیاتر لە هەمو جۆرە چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤ بە تەواوی شوناسێکی نێرینەیی (پیاوانە)ی هەبوە. هەروەها زیاتر لە هەر چالاکی و بوارێکی دیکە ئەم بوارە تایبەت بوە بە پیاوان (فریدمەن، 2001: 55). بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەبینین کەوا ئەنجامدانی چالاکییە سیاسیەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی خۆجێی و نێودەوڵەتی جیاکارییەکی زۆری تێدایە لە نێوان هەر یەکە لە ئافرەتان و پیاوان کە زۆر جاران ڕۆڵی ئافرەتان پەیوەست دەکەن بە ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان کە گرنگی دەدەن بە کاروباری ئافرەتان لە ڕوانگەی نوێنەرایەتی ســیاســییەوە لەســەر ئاســتی ئەنجومەنە خۆجێی و میلییەکانەوە، کەچی پیاوان لەڕوی ســیاســییەوە ڕۆڵی ڕێکخراوەیی و وەرگرتنی بڕیار دەبینن ئەمەش بە گوێرەی داب و نەریتی سـیاسـی یاخود لەسـەر ئاسـتی حزبە سـیاسـییەکان و وەرگرتنی لۆبییەکان. هەر بۆیە لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی ڕۆڵی زیاترو گەورەتر بە پیاوان دەدرێت نەوەک ئافرەتان ئەمەش وای کردوە کە ئافرەتان کەمتر بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن و دەرئەنجامیش کەمتر بتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە بڕیاردانی سـیاسـی کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە هەر لە سـەرەتاکانی تەمەنی منـداڵییەوە بە هەر یەکە لە منـداڵانی کوڕو کچ دەدرێـت لە چوارچوێوەی خێزان و دامودەزگـاکـانی پەروەردەدەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (عیساوة، 2020: 13-14).

هەر بۆیە بابەتی جیاکاری جێندەری وەک پرسـێکی سیاسـی وەک خۆی دەمێنێتەوە، چونکە هێشـتا لە زۆرێک لە سیستەمە سیاسییەکاندا پیاوان باڵا دەستن لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندا بە بواری سیاسیشەوە ( Isidiho, 2020: 21).

## دوەم: جیاوازی جێندەری لە هەرێمی کوردستان:

ســەبارەت بە پرســی جیاوازی جێندەری لە هەرێمی کوردســتان، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو ڕەوشــە یان بارودۆخی جیاوازییە بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە پێنج وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردســتان وەرگیراون شــرۆڤە بکەین، وەزارەتەکانیش بریتین لە (خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســـتی. پەروەردە. پلاندانان، کاروباری کۆمەڵایەتی) بۆ ســـاڵی 2022، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو وەزارەتانە زیاتر بۆ ڕۆڵ و پێگە و کاریگەریان لە بواری جیندەر و پرۆسـەی گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، شـایەنی ئاماژەپێکردنە کە هەردو هاوکێشـەی نیشـانەی یەکسـانی جێندەری و قەبارەی جیاوازی جێندەری، بۆ شـیکردنەوەی زانیارەیەکان بەکارمان هێناوە وەک لە خشـتەی ژمارە 1 دا ڕونمان کردوەتەوە.

خشتەی ژمارە 1 نیشانەی یەکسانی و قەبارەی جیاوازی جێندەری لە 5 وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ساڵی 2022

نیشانەی یەکسانی جێندەری = ژمارەی مێ/ ژمارەی نێر ×100

| پارێزگا / وەزارەت | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆک | | | هەڵەبجە | | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نیشانەی یەکسانی و جیاوازی | نێر | مێ | نیشانەی یەکسانی | نێر | مێ | نیشانەی یەکسانی | نێر | مێ | نیشانەی یەکسانی | نێر | مێ | نیشانەی یەکسانی |
| خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | 3801 | 3467 | % 91 | 3961 | 3565 | % 90.00 | 1955 | 1372 | % 70.17 | 342 | 184 | % 53.80 | 10059 | 8588 | % 85 |
| پەروەردە | 16830 | 26067 | % 154 | 14791 | 24152 | % 163.288 | 12878 | 14077 | % 109.31 | 2017 | 1970 | % 97.66 | 46516 | 66266 | % 142 |
| تەندروستی | 10823 | 9015 | % 83 | 5669 | 7673 | % 135.35 | 4419 | 3347 | % 7.57 | 1099 | 823 | % 74.88 | 22010 | 20858 | % 94 |
| پلاندانان | 229 | 187 | % 81 | 155 | 111 | % 71.61 | 168 | 44 | % 26.19 | 25 | 15 | % 60 | 577 | 357 | % 61 |
| کاروباری کۆمەڵایەتی | 1339 | 993 | % 74 | 808 | 828 | % 102.47 | 845 | 490 | % 57.98 | 44 | 46 | % 104.54 | 3036 | 2357 | % 77 |
| کۆی گشتی | 33022 | 39729 | % 120 | 25384 | 36329 | % 0.69 | 20265 | 19330 | % 95.38 | 3527 | 3038 | % 86 | 82198 | 98426 | % 119 |
| قەبارەی جیاوازی جێندەری | % 16 | | | % −30 | | | % 4.8 | | | % 0.16 | | | % −19,74 | | |

قەبارەی جیاوازی جێندەری = ژمارەی نێر – ژمارەی مێ/ ژمارەی مێ × 100

لە خشتەی ژمارە 1 دەرکەوت کە بە شێوەیەکی گشتی هاوسەنگی و یەکسانی جێندەری لەسەر ئاستی ژمارەی فەرمانبەرانی 5 وەزارەت لە هەرێمی کوردستان دەکاتە (119%)، ئەم ڕێژەیە دەریدەخات کەوا نیشانەی یەکسانی جێندەری لە کۆی ژمارەی فەرمانبەرانی ئەم 5 وەزارەتەدا بونی نییە، بەڵکو جیاوازییەکی زۆری جێندەری بەدی دەکرێت و جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە بەوپێیەی کەوا لەسەر ئاستی هەر 5 وەزارەت ژمارەی ئافرەتان زیاترە لە پیاوان.

هەر سەبارەت بە ئاستی نیشانەکانی یەکسانی جێندەری لەسەر ئاستی ژمارەی فەرمانبەارنی هەر وەزارەتیک لەم 5 وەزارەتە لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە، بەرزترین ڕێژەی یەکسانی جێندەری دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی بەوپێیەی ڕێژەی یەکسانی جێندەری لەم وەزارەتدا لە (94%)، لە دوای ئەویش وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دێت بە ڕێژەی لە (85%). هەروەها بەرزترین ئاستی جیاوازی جێندەریش دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بە ڕێژەی (142%) لە بەرژەوەندی ئافرەتان، ئەم جیاوازیە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی ئافرەت لەم بوارەدا لە بەرامبەر ژمارەی پیاوان بەراورد بە هەر وەزارەتێکی دیکە.

هەر بەپێی هەمان خشتە سەبارەت بە نیشانەکانی یەکسانی جێندەری بۆ هەر یەکێک لەو 5 وەزارەتە لە پارێزگای هەولێر ئەنجامەکان بەم شێوەیە بو، سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی نیشانەی یەکسانی جێندەری لەسەر ئاستی هەر 5 وەزارەت لە پارێزگای هەولێر ڕێژەکەی (120%) بەمەش دەردەکەوێت کە هیچ نیشانەیەکی یەکسانی جێندەری لەسەر ئاستی کۆی ژمارەی فەرمانبەرانی ئەو 5 وەزارەتە بونی نییە، بەڵکو جیاوازیەکی جێندەری زۆر بەدی دەکرێت و جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە بەهۆی ئەوەی لەسەر ئاستی هەر 5 وەزارەت ژمارەی ئافراتن زیاترە لە پیاوان. بەڵام لەسەر ئاستی وەزارەتەکان لە پارێزگای هەولێر ئەنجامەکان بەم شێوەیە، لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی نیشانەی یەکسانی جێندەری دەکاتە (91%)، لە وەزارەتی پەروەردە نیشانەی یەکسانی جێندەری (154%) بەمەش دەردەکەوێت کەوا جیاوازیەکی جێندەری بەرچاو لەم وەزارەتەدا بونی هەیەو جیاوازیەکیش لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە. سەبارەت بە وەزارەتی تەندروستی نیشانەی یەکسانی جێندەری دەکاتە (83%)، هەروەها بۆ وەزارەتی پلاندانان لە (81%) و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەکاتە لە (74%).

لە کۆمەڵگەیەکی نیمچە داخراوی وەک کۆمەڵگەی کوردیدا کە بە کۆمەڵگەیەکی کولتوری هەژمار دەکرێت پێشبینی دەکرا ئەو جیاوازیە جێندەریە بەرفراوانەی کە لە کۆمەڵگەدا بونی هەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر دامەزراوەکانیش هەبێت، بەڵام بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە ڕێگەو وەزارەتەکانی (خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، پەروەردە، تەنروستی، پلاندانان، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی)یەوە بەدەستمان گەیشتن ئەنجامەکان پێچەوانە دەرچون، ڕاستە جیاوازی جێندەری بونی هەیە، بەڵام جیاوازیەکە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم وەزارەتانە بە گرنگترین بوارەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێن هەر بۆیە لەسەر ئاستی گشتی هەر 5 وەزارەت لە هەرێمی کوردستان و لە پاریزگای هەولێر زۆرترین ڕێژەی ئافرەت بەراورد بە پیاوان لەخۆدەگرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆوەوەی کە ڕەگەزی نێرینە زیاتر گرنگی بە کەرتی تایبەت دەدەن وەک لە کەرتی گشتی، هەرچەندە هیچ ئامارێک لەبەردەستا نیە کە دەریبخات جیاوازی جێندەری لە کەرتی تایبەت لە چ ئاستێکدایەو لە بەرژەوەندی کام ڕەگەزدایە، بەڵام لە ڕوانگەی ڕەگەزی نێرینەوە کەرتی تایبە دستهاتی زیاترە بەراورد بە کەرتی گشتی.

## سێیەم: پەیوەندی جیاوازی جێندەری بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

سەرەتای دەرکەوتنی پەیوەندی نێوان جێندەرو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردو کاتێک ڕێبازێکی نوێ لە بەریتانیا سەری هەڵدا بە ناوی جێندەرو گەشەپێدان ( Gender and Development)، ئەم ڕێبازە تیشکی دەخستە سەر ئەوەی کەوا ئافرەت زیاتر کارەکتەرێکی وەرگرە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا نەوەک کارەکتەرێکی بەشدار لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا، هەر بۆیە جودیث لوربر (Lorber 1994) پێیوایە کەوا ستراتیژیەتی ڕاستەقینەی گەشەپێدان لە سەرجەم بوارەکاندا بەوە بەرجەستە

دەبێت کە ئافرەتانیش بتوانن بەشداریەکی ڕاستەقینەیان هەبێت لە کارکردن لە سەرجەم بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا لە پێناو سودی گشتی و گۆڕینی تێڕوانینی دەسەلات و کۆمەڵگە سەبارەت بە ڕۆڵ و توانای ئافرەت لە کارکردن لە بوارە جیاوازەکاندا لە سودی خۆیان (منصور، 2019: 456-457). لەبەرئەوە بنەمای سەرەکی پراکتیزەکردنی جیاوازی جێندەری لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەو دەسەڵاتی سیاسی سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا نەوەک جیاوازیە سروشتیەکانی نێوان ئافرەت و پیاو، کەواتە نەهێشتی جیاوازی جێندەری و هێنانە کایەی یەکسانی جێندەری بۆ بەشداریکردنی ڕاستەقینەی ئافرەتان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا پێویستی بە گۆڕانکاری لە تێڕوانینی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی سیاسی هەیە سەبارەت بە تواناو ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا (یونسي، تلي، 2020: 91).

کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکی پێچەوانە لە نێوان جیاوازی جێندەری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، واتە ئەگەر ئافرەتان دەرفەتیان پێبدرێت و بتوانن بەشداریەکی ڕاستەقینە لە گەشەپێدنی کۆمەڵگەدا بکەن، ئەوە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە بونی هەیە، چونکە ئافرەتان بەشدارن لەم پرۆسەیەدا، بەڵام ئەگەر بێت و ئافرەتان دور بخرێنەوەو دەرفەتی بەشداریکردنیان بۆ بەرجەستەکردنی تواناکانیان لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ نەڕەخسێت ئەوە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ناتوانێت ئامانجەکانی بە تەواوەتی بەدی بهێنێت، چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەگەڕخستنی تواناکانی ئافرەتان لە سەرجەم کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا.

## ئەنجامەکان:

لەژێر ڕۆشنایی ئەو تیۆرانەی کە ڕاڤەی بابەتی جێندەر دەکەن، هەروەها بەپێی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەی کە پێشتر لەسەر ئەم بابەتە نوسراون، توێژەر گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

1_ دەرکەوت کەوا جیاوازیەکی جێندەری بەرفراوان هەیە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕوی پێدانی ڕۆڵەکان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە باشوری کوردستان.

2_ دەرکەوت کەوا جیاوازیە جێندەریەکان لەسەر بنەمای کولتور، سیاسی، پەروەردەو خێزانی بو کە ئەمانەش دەزگای گرنگی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتین.

3_ پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕی پێچەوانە لە نێوان جیاوازی جێندەری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بونی هەیە، بەوپێیەی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پشت بە هێزو توانای سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە دەبەستێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی سروشتی، ئیتنیکی یان سیاسی نێوان ئەندامەکانی. لەبەرئەوە هەرچەندە جیاوازییەکان گەورەبن پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بچوک دەبێتەوە.

٤- دەركەوت كە بە شێوەیەكی گشتی هاوسەنگی و یەكسانی جێندەری لەسەر ئاستی ژمارەی فەرمانبەرانی 5 وەزارەت لە هەرێمی كوردستان دەكاتە (119%)، ئەم ڕێژەیە دەری دەخات كەوا نیشانەی یەكسانی جێندەری بونی نییە، بەڵكو جیاوازییەكی زۆری جێندەری بەدی دەكرێت و جیاوازییەكەش لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە بەوپێیەی كەوا لەسەر ئاستی هەر 5 وەزارەت ژمارەی ئافرەتان زیاترە لە پیاوان.

**پێشنیازەكانی توێژینەوەكە:**

1_ پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە دەرفەتی كار لە كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت بە شێوەیەكی یەكسان بۆ هەر یەكە لە ئافرەتان و پیاوان بڕەخسێنێت.

2_ جیاوازی نەكردن لە نێوان ئافرەتان و پیاوان لە پێدانی پێگەو بەرپرسیارێتیە جیاوازەكان لە ئاستی دامەزراوە جۆراوجۆرەكانی حكومەتدا.

3_ ئەنجامدانی كۆڕو سیمیناری زانستی دەربارەی چەمكی زانستی جێندەر لە پێناو ئاشنابونی زیاتری كۆمەڵگە بە چەمكی جێندەر، بەوپێیەی هێشتا لە كۆمەڵگەی كوردیدا خوێندنەوەیەكی زاستی بۆ چەمكی جێندەر ناكرێت.

# The relationship of gender differences to social development.

# It is an analytical theoretical study

**Hazhar Latif Saber**[1] - **Abdulhamid Ali Saeed Barzanji**[2]

[1+2]Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The main purposes of this study are to demonstrate the relationship between gender differences and social development. This study relies on theories (biology, social roles and gender differences) and the factors that underlie gender differences to analyze this relationship, through the use of descriptive analytical methods.

The most important conclusions that this study achieved are: There is a wide gender gap in human society in terms of roles, especially in Kurdish society. Gender differences were also based on culture, political power, education and family, which are important social development agencies. There is also an inverse exchange relationship between gender differences and social development, as much as the differences will be extended, social development will be narrowed.

**Keywords:** Gender, Gender Equality, Gender Differences, Development, Social Development.

**سەرچاوەكان**

ئەحمەد. د. كەمال مەزهەر (1981) *ئافرەت لە مێژودا – كورتە باسێكی مێژویی و كۆمەڵایەتی*، بغداد: مطبعة الحوادث.

ئەكرەم، سورێن (2019) *فێمێنیزم و جێندەرناسی*، هەولێر، چاپخانەی هەڤاڵ.

ئەنگلس، فردریك، و كولنتای، ئەلكساندەر (2008) *ژنان لە كۆمەڵگەدا*، و. مجیدی مارابی، سلێمانی: خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

ئەنوەر، پەیرەو (2021) *سەرەتایەک بۆ جێندەرناسی*، هەولێر، چاپخانەی هەولێر.

برێنمان، ڕۆبێرت ل (2022) *بەهێز، مینا چیاکان – گەشتێک بەناو کەلتوری کوردان‌دا*، هەولێر: چاپخانەی مێخەک.

حسن، احسان محمد (2012) *تیۆرە كۆمەڵایەتیە پێشكەوتوەكان*، و. دیدار ئەبوزێد، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

حسن، د. ئیحسان محمد (2015) *كۆمەڵناسی ئابوری*، و. فەیسەڵ علی، تاران – ئێران: چاپخانەی پەنجەرە.

حەسەن، پ. د. سەمیر ئیبراهیم (2011) *كولتورو كۆمەڵگە*، و. عەبدوڵلا محمود زەنگنە، كەركوك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

حەسەن، نەسرین (2010) *من و تۆ یەكسانین*، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

خلیل، معن (2009) *ڕەخنەی هزری كۆمەڵایەتی هاوچەرخ*، و. شەهلا وەلی جەبار، دهۆك: چاپخانەی خانی.

دیبۆڤوار، سیمۆن (2018) *لە كتێبی ڕەوتەكانی فێمینیزم – چەمك و تیۆرو شرۆڤە*، و. كارزان محەمەد، سلێمانی: چاپخانەی تەوار.

شاكەلی، پەری (2009) *بەدەست خۆمانە توندوتیژی دژی ژنان ڕاگرین*، دهۆك: چاپخانەی خانی.

فریدمەن، جیەن (2001) *فیمینیزم*، و. فەرشید شەریفی، سلێمانی: چاپخانە كارۆ.

گیدنز، ئەنتۆنی (2012) *كۆمەڵناسی*، و. حەسەن ئەحمەد مستەفا، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

محمد، كارزان (2005) *ئافرەت لە گوتاری ئیسلامی هاوچەرخدا*، سلێمانی: بەبێ ناوی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوە.

ناوخۆش، سەلام (2015) *ئافرەت و كەلتور*، سلێمانی، چاپخانەی ڕێنوێن.

استیتیة، د. دلال ملحس، و سرحان، د. عمر موسى (2012) *المشكلات الاجتماعية*، عمان – الأردن: دار وائل للنشر والتوزيع.

بدري، م. هناء حسن سدخان (2013) *المعوقات الاجتماعية لدور المرأة في التنمية الاجتماعية*، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، المجلد 16، العدد 2، ص ص 463-483.

بدوي، د. عبدالرءوف محمد (2008) *التربية ومعاودة إنتاج النوع الاجتماعي*، مجلة كلية التربية، جامعة الإمارات العربية المتحدة: السنة الثالثة والعشرون، العدد 25، ص ص 43-85.

بن النوي، د. عائشة (2020) *النوع الاجتماعي والتنمية: مقاربة مفاهيميه*، مجلة التكامل جامعة باتنة الجزائر، المجلد 4، العدد 2، ص ص 22 – 55.

حمداوي، جميل (2017) *التنمية والبيئة: أي علاقة*؟ سعودية: مكتبة الألوكة.

حوسو، عصمت محمد (2009) *الجندر – الأبعاد الإجتماعية والثقافية*، عمان – الأردن: دار الشروق للنشر والتوزيع.

خلالفة، هاجر (2017) *مقاربة الجندر لبناء السلام: المضامين والدلالات*، مجلة الجزائرية للأمن والتنمية، المجلد 6، العدد 2، ص ص 1 – 15.

الدليمي، عصام حسن احمد، و صالح، علي عبدالرحيم (2014) *البحث العلمي اسسه ومناهجه*، عمان-الاردن: دار الرضوان للنشر والتوزيع.

الرحبي، مية (2014) *النسوية – مفاهيم واقضايا*، دمشق – سوريا: الرحبة للنشر والتوزيع.

السروجي، د. طلعت مصطفى وأخرون (2001) *التنمية الاجتماعية المثال والواقع*، مصر: مركز نشر وتوزيع الكتاب الجامعي – جامعة حلوان.

شملاوي، حنان عطا. و الحيط، نهيل إسماعيل سقف (2019) *محددات تمكين المرأة في الدول العربية*، مجله دراسات، العلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد 46، العدد 1، ص ص 48-66.

الصديقي، عائشة محمد يوسف (2010) *النوع الاجتماعي في الصحافة البحرينية، دراسة في تحليل مضمون صحيفتي "الوطن" و "الوسط" 2007-2008*، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الدراسات العليا: الجامعة الأردنية.

عبدالحافظ، هدير محمد محمود (2018) *مفهوم الجندر والدور البنائي المتغير – دراسة أنثرۆپۆلۆجية*، مجلة كلية الاداب، جامعة الاسكندرية، مجلد 68، عدد 91، ص ص 582-598.

عبدالصمد، أ. رنا (2019) *نظرية الجندر ومالمحها في مسرح ترنتيوس في ضوء تحميل الشخصيات الذكورية لكوميديا الخصي*، مجلة أوراق كلاسيكية، مجلد 16، عدد 16، ص ص 610-647.

عيساوة، وهيبة (2020) *الجندر، مفهومه واستخداماته*، مجلة العلوم الاجتماعية، المجلد 8، العدد 2، ص ص 8 – 20.

عيسى، اخلاص جابر (2021) *نظرة تاريخية في مصطلح الجندر واستعمالاته*، مجلة الدراسات المستدامة، مجلد 3، عدد 3، ص ص 615-637.

غراز، الطاهر. و بوقبرين، مفيدة (2021) *دور التمكين الاقتصادي والاجتماعي للمرأة في تجسيد التنمية المجتمعية*، مجلة مدرات للعلوم الاجتماعية والإنسانية، الجامعة غليزان-الجزائر: العدد 3، ص ص 127-143.

غيدنز، أنتوني (2005) *علم الاجتماع، ت. د. فايز الصياغ*، بيروت – لبنان: المنضمة العربية للترجمة.

فهمي الكردي، د. محمود. و عديرة، محمود فاضل (2014) *واقع تمكين المرأة في الجمهورية العربية السورية*، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية – سلسلة الأداب والعلوم الانسانية، المجلد 36، العدد 2، ص ص 93-112.

الكعبي، ا. م. د. سهام مطشر (2020) *تمكين المرأة ... الفرص والتحديات*، مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع، العدد 56، ص ص 53-66.

الكوح، عبدالله عثمان (2016) *معوقات تمكين المرأة العربية-تحليل سوسيولوجي*، مجلة حوليات أداب عين شمس، المجلد 44، ص ص 263-277.

ليلى أمال، د. حيرش بغداد (2018) *مفهوم الجندر في ألطر النظرية*، مجلة التدوين، مجلد 10، عدد 2، ص ص 176-181.

محمد، أرزازي (2021) *سوسيولوجيا النوع الاجتماعي والفضاء العام داخل المجتمع الجزائري*، مجلة العلوم الاجتماعية والانسانية – المدرسة العليا في العولم التطبيقية – جامعة تلمسان، المجلد 2، عدد 2، ص ص 634 – 657.

منصور، رشا سهيل (2019) *مفهوم النوع الاجتماعي (الجندر) وقضية المساواة النوعية بين سياسات التنمية الدولية والثقافة العربية*، المجلة العلمية للدراسات التجارية والبيئية، المجلد 10، العدد 3، ص ص 440-481.

المهدي، مالك عبدالله (2016) *مفهوم التنمية الاجتماعية: رؤية مستقبلية*، مجلة الدراسات المستقبلية، المجلد 17، العدد 1، ص ص 1 – 19.

موسى، د. رشاد على عبدالعزيز (1998) *سيكولوجية الفروق بين الجنسين*، قاهرة – مصر: مؤسسة المختار للنشر والتوزيع.

ياسمينة، د. بغريش وأخرون (2018) دور المرأة الحرفية في التنمية الاجتماعية: جمعية الفردوس للثقافة والصناعات التقليدية – نموذجا، مجلة البدر، المجلد 10، العدد 4، ص ص 439-455.

يونسي و تلي، عيسى و نسيمة (2020) *النوع الاجتماعي (الجندر) مقاربة سوسيوتنموية*: مجلة العلوم الاجيتماعية جامعة بسكرة الجزائر و جامعة الجلفة الجزائر، المجلد 8 عدد 2، ص ص 81 – 93.

Conley, Dalton (2008) *You May Ask Yourself An Introduction to Thinking Like A Sociology,* New York: Norton Company.

Isidiho, Pius Emenike and others (2020) *Gender and Social Development Issues*, Research on Humanities and Social Sciences, vol 10, No 22, p p 19 – 35.

Kimmel, Michael (2011) *The Gendered Society*, New York – USA: Oxford University Press.

Ritzer, George (2010) *Sociological Theory*, New York – USA: McGraw – Hill publisher.

Ritzer, George, and Stepnisky, Jeffry (2018) Sociological Theory, 10th edition, Los Anglos – USA: SAGE publications, Inc.